نەهرۆ کەسنەزانی سەرۆکی تەریقەتی کەسنەزانی ئاشکرای کرد کە لە ڕابردوودا پرۆژەیان هەبووە

سەرۆکی تەریقەتی کەسنەزانی ئاشکرای کرد کە لە ڕابردوودا پرۆژەیان هەبووە، بەڵام بە ئەوەی نەبنە فیتنە لە نێوان هیچ لایەنێک هەڵویستیان گۆڕاوە و لە ئێستادا خۆیان لە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە هەرێم بە دوور گرتووە.

نەهرۆ کەسنەزانی داوای هاوهەڵویستی و تەبایی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمیش دەکات و دەڵێت: "حزبایەتی ئەوە ناهێنێت سەنگەر لە یەک بگرین و یەکتر بکوژین".

شێخ نەهرۆ کەسنەزانی، سەرۆکی تەریقەتی قادری کەسنەزانی لە لێدوانێکی بۆ دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند، "من ئێستا خۆم لە هەردوولایەنەکە بە دوورگرتووەو لە سەرەتادا هەندێ هەوڵماندا بەڵام نەکرا، ئەمە نە پێویستی سیاسی و نە ماددیی و نە مەعنەویمان هەیە، ئەمە پێویستی مەعنەویمان لای خوای گەورە و حەزرەتی مەحەممەد و عەلی و ئوستازەکانمانەوەیە، بەڵام ئەمە وەک ئەرکی سەرشانمان هەستاین بەو هەنگاوانە".

وتیشی: "تەریقەت هەمیشە پاڵپشتی میللەت بووە پاڵپشتی ئەوانە بووە کە زوڵمیان لەکراوە، ئێستا ئەمە بێینە سەر ئەوەی زوڵم لە ناوماڵی خۆمان بکرێت ئیتر هی ئەوە نییە زیاتر بڵێین، بۆ ئەوەی نەبینە فیتنە لە نێوان هیچ لایەنێک بەڵێ ئێستا ئەمە هەڵوێستێکی ترمان هەیە".